




## چوارەمین کۆمەڵە شیعری
## کەژاڵ ئەحمەد
## 2004

# ئاوێنەم شکاند

شیعرەکان


- ئاوێنەم شکاند
- سفر
- کەژاڵێکی جودا
- مانگی شکاو
- دل- ئاوەر
- گوڵی سوورو رەنگی تریش
- ئەمجارەشیان گوڵی سوورو رەنگی تریش
- بۆ دوانزە ساڵەی راپەرین
- دوو..گیان
- ویۆڵەباڵێ
- سەد ساڵە غەریبیت ئەکەم
- نازانم بەبێ تۆ بژیم
- تەڵاقتان کەوتبێ
- بە تەنوورەیکی کورتی سوورە

# ئاوێنەم شکاند

شکاندم ئاوێنەی تەقلیدیی
قەدەرێ
کە لەمێژە کچانی کەچ
لەبەردەمیدا ئەوەستن
دەمێکە نامبینیّو نایبینم
لەوکاتەوەی: ئاوێنەی
جوگرافیاو مێژووم
کردووە بەخۆڵ، وەک
مەستوورە
لەبەر ئاوی روونی شیعر
سەروبەستی عەقڵو کەماڵ
ئەبەستم.

زەمانە هات
شکاندی ئاوێنەی دەستی
پیاوانی خێڵ
کە دڵدارییان پێئەکرد
کردی بەخۆڵ
ئەوئاوێنەیەی ساڵەها
لەبەردەم بووکە تارا
سوورەکانەوە ئەڕۆیشت.

شکاندم ئاوێنەی تەڵخی
سەردەمی خۆم
لەبەرئەوەی،
بچووکی گەورە ئەکردو
گەورەی بچووک ئەکردەوە
پڕبوو لە دیکتاتۆرو دێو
ئێستاش کە هەناسە ئەدەم
پارچەکانی ئەچن بەدیواری
دڵماو
لەبری ئارەق
وردە شووشە دەرئەدەم !

شکاندی ئاوێنەی زەوقم
ئەو ئەگەرەی کە هەرئەبێت
هەموومان تەنیا دەنگێکو
تەنیا ڕەنگیّو
تامێکمان لەلا گەورە یان
هەرەگەورە
یان هەر زۆر زۆر
گەورەبێت.

شکاندم ئاوێنەی کوێرانە
پەرستن،
شێتانە پیاهەڵدان
فڕێمدانە کونجەکانی گرنگیی
پێنەدانەوە
پەیڤەکانی هەموو ئەو ناوە
قەبانەی
سەربە جیهانی من نین‌و
ئاوێنەی کۆنی سەردەم‌و
زەمانێکی تۆز لێ نیشتوون.

سپێدە بوو
کە لەدەستی کەوتە خوارێ
ئاوێنەی نازداری بەختی
نازدارێ
دایکی وەک دڵێکی ترساو
مشتێ شەکری پیادا پرژاند
بۆ ئەوەی نەبادا
ئایندەی تاریک‌و
مێردکردنی دوابکەوێت.

ناوەخت بوو
سەیرکردنی تەوێڵی
ئاوێنەکان
شنەی شێت بوونی هەڵئەکرد
کەباوکی خەمبارێ وەکو
سەودا سەرێ
مشتێ خوێی کردە پێڵاوە،
کەوتووەکانی شەوەوە
بەو ئومێدەی زوو بڕوات
نەسپێدەو نەناوەختەت،
کە بەدەستی خۆم ئاوێنەکان
ئەشکێنم
نەپێویستم بەخوێ‌و شەکرە
کە شەوگار هەروەکو بنێشت
لەناو دەمی تەنیایی‌و ئازارما
ئەهێنم‌و ئەبەم‌و
گڵۆپی پێئەکەم‌و درێژی
ئەکەمەوە
بۆ ئەوەی نەبادا
ساتەکانی شەیدابوونم
خەوبیبات.
لەناو ئاوێنەی شکاودا
جوانترە ئەم(من)ە
چونکە دووبارەبوونەوە پەی
پێنابات

تاخۆم لەناو
ئەو هەموو پارچە بچووکەدا
یەکئەخەم
زەمەنێکم پێویستە بۆ
بیرکردنەوە.

بەلێویکەوە بەسووراو
گەرم گەرم داپۆشراوە
ماچم کردووە رووومەتی
ئاوێنەیەک
کەرۆژنیە بەیانیت باشت
لێنەکات
بەچاوانێ عەتری ئەفسوون و
ئەفسانەی
چەندان سەدەی پیارژاوە
نیگایەکت تێگرتووەو
تواندووتەتەوە نەینووکێ
وەکو عەشقت
تاکوتەنیا لەناو دڵدا
هەڵواسراوە.



چەند پەستم لەو ئاوێنانەی
خۆ پەرستییان داهێناو
(ئەوانەی‌تر پەرستییان)
لەناخدا کوشت
مەلێکی ناو قەفەز
لەم زیندانە تاریکەی ژیاندا
کەباڵی فڕینی لێ زەوتکرابێ
سەیری خۆکردنی ناوێت.
چەند تووڕەم لەو
نەینووکانەی
چەندان سەعات کچانیان
بەگیردەهێناو
ئەو هەموو کتێبەجوانە،
لەچاوەڕوانیی ئەواندا
شەقامی نامورادییان
تەیئەکرد.
کیژێکی ناو قافڵەی دڵ
مەلوولی ئەنفال
ئاوێنەی پێ نییە
کەنیلەیەک، یارودیاروئەوینی
دیارنەبێ
نەینووکی بۆچییە؟

منێکیش کەبێ تۆ، هیچ
کوێیەکم
لەخۆم ناچێت

بۆ لەگەڵ ئاوێنەکاندا هاڕە
نەکەم
بۆ نەشکێم؟

چۆن شکاندم
دەستم بشکێ
گۆرانیەکی منالّیی کە دەلّێت:
((ئاوێنە بۆ من، چەمۆڵە بۆ
تۆ))
نازانم چۆن
کەوتنە خوارەوە لەدەستم
شیعرە ئاوێنەییەکانی
ناو دڵی مەحویو مەولانا؟
لەچاوەکانم ترازان پارچەکانی

نەینووکی ڕوونی نوری خوا؟

تۆبڵێیت دواینی عومربێت؟
والە ناکاو
لەجەستەم بەردەبێتەوە
شانەی رۆح و
ئاوێنەی خەونی ئەبەدیی
گەشتن بە تۆ؟!

نا، پێناچێ نیشانەی شوومی
مردن بێت
نیشتنەوەی نەرمی کوکوختی
لەسەرشیشی ساردو سڕی
پەنجەرەکان
یان قیڕەی زبری قەلەڕەش
کە ئاسمان پڕئەکات
بەلام چاوی چەپم ئەفڕێت
ناخۆشییەک بەمیوانی دێت
بۆماڵمان
رەزای ئاوێنە خواتەوە
کەئەزانم شکاندنی سەرم
ئەخوا
بەژەنگاویترین لەتی
دەمبڕێت،
ئێسکی مرێت
لێی ناترسم
ئەگەر بێت و بشمکوژێت .

چۆن نەمشکاند
دەستم بشکێ
ئەو نەینووکەی چاوی
حەسوود

پێی ئەوێرا و
جەللادەکانی سەر زەمین
رووخساری تاوانەکانی
خۆیان لەبەردا چاکئەکرد.

لەناو ئاوێنەی شکاودا
جوانترە ئەم (تۆ)یەی
هەتا مردن
نەشکاوەو ناشکێت لە(من) دا.
ببورە لەعەشقم
کەمن نەفرەت لێکراوترین
جوانکیلەی سەردەمەکەتم

کەئەو گوڵانەی بۆمهاتن
بەشمدایت و
ئەو بەردانەی نەیارانم
تێیانگرتم
بەر تۆ کەوتن

نازانم ئاوێنە شکێن
چیدابوو لە خۆشەویستی !
نازانم
بۆنەمرد!

## سفر

زەردو پەشێو
هەر وەکو شەمامەکان
لەسەر یەک کەوتوون گەڵا
حەزم ئەکرد سپێدەیەک

بیانبەم بۆ لای میهرەبانترین حەکیم .

سپیو ناسک
فڕیون وەکو کۆترەکان
پەپوولەکانی پایز
وەکو مناڵ
خۆشی ئەبینم لەو دەستە بزێوانەی
رائەکەن وناتوانن بیانگرن
* * *
رێکەوت لە جادەیەکی چۆڵدا
بەلای گۆراندا ڕەتبووم و
لەدرزی پەچەکەمەوە
چاوێکم لێداگرت
ئەو بە پایزی ناساندم
ئەو مارەی بڕیم لەشیعر
ئەو وتی وەک خۆت بە
هەمیشە وەک مناڵ
بەردەوام هاروهاج
سوێند ئەخۆم واجوانیت
* * *
زەردو خەمبار
بەوێنەی لیمۆکان
خلۆر ئەبنەوە ڕۆژو ساڵ
لەیەکتر دوورئەکەونەوە هاوڕێکان
کەزەمەن لەسەر گازی پشت لێی
ڕاکشاو
چاوی داخست

هاوڕێکان بەریەکئەکەون
کەزەمەن لەناکاوێکدا
داچڵەکیو هەستایە سەرپێ
ئیدی لیمۆیەک بەوی ترئەڵێ
تۆ لەکوێ بوویت ؟!

کەئەنووسم
لەناو دەفتەری پایزا
خوارئەبنەوە دێرەکانم
هەموو ساتێ
لەعەشق و هاوڕێیەتی و
ژیاندا
کەتاقیکردنەوەم ئەبێت
بەفەرشی نێو ماڵەکەمانەوە
ئەنووسێ
پرتە قاڵە تووڕەکان .

ئەمڕۆش لەوانەی بێتامی داڕشتنا

هەروەکو جارەکانی تر
ئەم حیکمەتانە ئەنووسم :-
لەوانەی عەشقدا سفر
لە هاوڕێیەتیدا سفر
لەژیاندا سفر توان دووم هێناوە
لەبەرئەوەی لەخوێندکارە
زیرەکەکانی ڕاستگۆیم
ئاساییە کە لە هەموو وانەکانمدا
ڕاسب بووم !
* * *
تۆش سفریت
لەبەر ئەوەی لەهیچ گۆرانیەکدا نیت

بەهیچکام لەهونەرمەندە قۆزەکانی
هۆلیود ناچی
ناوێری وەکو کوڕێکی ئەم سەردەمە

لەشوێنێکی گشتی پیاسەم لەگەڵدا
بکەیت
ناتوانی وەکو هەر پیاوێ
سەرە ڕای ئەو هەموو مرواری
ئەوینەی
لەدڵتایە
وەک سندیباد
لەسەربەرەی ئەفسووناوی
بمخوازیت
من کە مانگم خۆرەکە تۆم بۆچییە
هەڵەی من تەنیا ئەوەیە
نەمدەزانی لەگەڵ تۆبوون
ئەوەندە زەحمەتە !
* * *
زەردو بیمار
بەچەشنی گوڵەبەرۆژە
لەتابلۆکانی ڤان کوخدا
ماتو مەلوول
بەوێنەی مانگە شەوەکەی فایەق
بێکەس

پڕلە فرمێسکە دووکانگای
دایکایەتی هەموو ژنان
هەربەوێنەی
هەردوو هەرێمی کەسکو زەرد
لەجیاتی شیر
خوێنیان لێئەچۆڕێتەوە میمی
مەمکەکانی نیشتمان.



## کەژاڵێکی جودا

مەرگ ژینێکی پەنهانە
ژیان مەرگێکی ئاشکرا
بەمن بێت
لەسەریەکێ لەم پلیکانە تەڕانەی
کە بخوردی دڵم ئەبەن
بۆسەر مەزاری مەولانا
گیانم دەرچێت.

وەکو تاقێ
لەتەنیایی هەڵکێشرابێت
گوڵزادەیەک، کە جوانترین
قژی ماشو برنجیی لەژێر لەچکێکی
شلوملدا خەواندبوو
گڵکۆتی ماچکردو پێی وتیت سوپاس
ئەزانم لێم زوویرنیت.

لەوکاتەوە ئەی گۆڕغەریب
بەدەست خۆت نییە کە ئەشک
بەگۆنای کتێبو داوی
فەرشو بەرماڵو جاجمتا
رێدەکاتو
وەک کاروانی خەمبارکردوو
لەمپەڕی شامەوە هەتا ئەوپەڕی،
چاوت قەتارەی گریانی بەستووە.

وەکو باخێ
بێدارو چاو لەڕێ بێت
گوڵەباخزادەیەک کە میهرەبانترین دڵی

لەژێر قاتێکی سادەدا هەڵگرتبوو
قۆپچەیەکی سەر رۆحی کردەوەو
بەبۆنێ لەخۆش تێپەڕێت
پێی وتم باوەڕبهێنە
مەولانا، ئەمەتا.

دواتر زانیم ئەو گومانزادەو
شیعر زادەشە
بۆیە لەنێوان دوو بۆینباخدا
سەرگەردانەو
لەمن ئەپرسێت کامەیان جوانترە!
* * *
چەند حەزم بەگۆڕان ئەکرد
هەر دەمووت سبەینێ ئەگۆڕێم
ئەی خودا لە ناکاوێکدا چەندە گۆڕام
لەبەردەم هەڵبژاردنێکی ترو
مردنێکی ترو
ژیانێکی تردا
ئیتر من کەژاڵێکی جودام.



زۆر جودا لەوانەی ناویان بە ناوی من ناچێ و
ئەوانەی ناویان وەک منە
جودا لە خۆمی چرکەیەک بەر لەم شیعرە
جودا لەجوداییەکانی پێشترو
پێچەوانەی تەبایی و گونجانم

بە گۆڕی مەولانا
بەسەرینی پەڕی خەونی ژێرسەریو
بەخۆڵێک لەسەر ئاوێنەی
نیشتمانو یادەوەریی
لەم هەڵوەستە ئەڤینەوە
هەستئەکەم کەسێکی ترم
بەجۆرێکی تر ئەگوزەرێت
ژیانی ناو کەشتی عومری ئەم قەڵەمەو
قیبلەنومای قەدەرم.
ئەگەر وانیە لەپای چی
لەجیاوازترین نامەیدا
پێتان ئەڵێت لێم ببورن
ئیتر هیچ وەرزێکتان نەما
بۆ سەیرانی واتە واتەو
گەشتی قسە لەسەرکردنم
بەڵام هێشتا
هەزاران هەنجەتتان لایە
تا لەسەر ئەم جیاوازبوونەش
بمکوژن !

ژیان مەرگێکی پەنهانە

مەرگ ژینێکی ئاشکرا
بەمن بێت
لەسەر یەکێ لەم پلیکانە سەوزانەی
کوردستانی دڵم ئەبەن
بۆسەر مەزاری مەولانا
دوو ئەوەندەی نوح بژیم !
چەند جوانە لەم ڕێگەیەدا
کەناوێرم بیدرکێنم
خۆشم ئەوێیت.........

بۆیەکەمجار هەستئەکەم جیاوازم
ئەم رامانە
لەراوەستانی نێوانی
ژیانو مەرگئەچێت

-2002-
شام

## مانگی شکاو

هەشتەمین رۆژی تۆ
ئەی مانگی شکاو
مانگی غەزەل
مانگی مارت
هەشتەمین ترپەی بەپەلەی
دڵی تۆ ئەی مانگی هیلال
مانگی چواردەی
هەر سەر لەئێوارە گیراو.

مانگی تۆ
ئەی مانگی مات

مانگی لار
مانگی مارت
یادێکە بۆ کوژرانم.

لە ئەوسای پڕ
لەبۆنکڕوزی سووتانی ژنانی کرێکارەوە
تا ئەو نێرگزەی کە ئەمڕۆ
بۆ ئەم یادەو بەسۆزەوە
گوڵەکان ئەیدەنە دەستم
هەمیشە لەهەشتی مارتا
هەشت چرکەم لەگیانەڵا
هەشت فرمێسکم
لەچاوی خوا
برینم مەکولێنەوە
مانگی ئازار
مانگی گریاو
مانگی تەنیا



حیکایەتم
لەو پەیڤە دەستبەسەرانەدا تاساوە
کەپڕن لەوشەی جوانی ئازادیی‌و
باڵی رەنگاڵەیی فڕین
ئازارم لەناو رووکەشی
ئەوانەدا هەڵکورماوە
کەمیهرەبانیی ئەڵێن‌و
بۆخۆیان نامیهرەبانین
کەقەڵەمیان
گوایە سەنگەرو قەڵغان‌و ئومێدمانەو
خۆیان تابووتی ژنانن
بەتەنیا هەر لەسەرکاغەز
یان لەسەر ژن
ئینسانن
دەنا گەلێ لە سمیولە نێرەکانی
رێگەی دووری پڕ لە گوڵاڵەی قووربانیی
ئێمەی ونناو
قەسیدەیەکن لەدرۆ
هەمان خوێنی باوکـو مێردو
براو یاری
ئەم رۆژهەڵاتە حەقیرە
بەگیانی خۆپەرستیاندا لرفەئەکات.

هەمان حەسار
خەونەکانیان لەگەڵ لەدایکبوونیاندا
بەتوندی گەمارۆئەدات

بۆخۆشیان هەر هەمان حەسار
بۆ ژنانی حەرەمسەرا

خونچەی ئایندەی مێینە
بەرزتر لە دیواری بەرلین‌و
دیواری بەرزتر لە دیواری دۆزەخ
بۆ حەسارەکانی عومرو
تەمەنمان هەڵئەچنن

حەساری زۆر بەرزتر لەباڵای ئازارمان
بۆ ئازارمان دروستئەکەن
لەسەربانی حەسارەوە دەتبینین ئەی دیمەنی جوان
رۆژی هەشتەمی مانگی ساڵ
مانگی شکاو
مانگی غەزەل
مانگی مارت.

## دل ... ئاوەر

بۆ دلاوەر قەرەداغیی
برای شیعریم

کە هەر لەپاڵ
کانیلەیەکی تابلۆی سادەدا
بەچمکی لەچکێکی گوڵدار
جۆگەلەی ئەشکێکی خوێنین حەشارئەدەم

کە هەموو شوێنێکی باش‌و
میهرەبان لەمن خاڵی‌یەو

ژێر زەمینە غەمبارەکانی ملکەچی
پڕن لەمن

کەشیعرێکی عەیار لەنینۆکم ئەتکێو
دنیا مەستە بەگوڵاوی
خەون‌و وشەو سەرکێشیم
چیبێ لەتۆ نهێنیبێت
لەگوڵی لەچک تەڕترو
لەژێرزەمین تاریکترو
لەشیعری نوێ بۆنخۆشترم
گومان‌و گلەیی ئەڕژێن
لەدڵ‌و چاوو نینۆکی یادەوەریم.
حاجی ئەڵێ*
((ئەی بادی سەبا خۆم ببە سودی نیە نامە
شەرحی زەعیفی من‌ودڵ نایەتە تەحریر))
لەدڵڕەقیی حاجی ببورە بای سەبا
ئەو نەیزانیووەو ناشزانێ
سەردەمێکە
هەرنامە تێیدا ئەتوانێ
شەرحی زەعیفی ئێمەو دڵ
بێنێتە تەحریر.

کە (وتن) وەک (نووسین)نیە
دڵ لەناو هیچ بینینێکدا
هێندەی باڵی
دێڕو پەڕی مسوەدەیەک
بەقەد دەنووک‌و خوێندنی زاراوەیەک
ئازادنیە

کەژیان چەشنی زیندانەو
مەرگیش وەک ئازادبوونە لێی
بەداوێنی ئێوەدا خۆ هەڵدەواسین
خەونی نووسین
گوڵی نامە
دوای حەریر.

چونکە حاجی لە سەردەمی
بێ ئەوینیی‌و ئینتەرنێتدا نەژیاوە
لەبینینی ئەوبینینە دەست زبرانە وەڕس
نیە
کە پەڕەی گوڵاڵە سوورەی تەنیایمان
دەکەن بەچەندین پارچەوە.

شیعری ئەو دیارە بۆ ئەمڕۆی ئێمە نیە
گەروانیە
با لەچاوانم بپرسێت‌و پێی بڵێم
خۆزگە هەموو ئەو دیدارانەی بەبەردەم

پەنجەرەی نیگامدا رۆشتن
پیتێ بوونایە لەچاتی
ساردوسڕی یەکترناسین
چەند ئێمەیلێکی بەپەلەو
چەند فاکسێکی کاڵەوە بوو
چەند نامەیەک بوونایە هەرگیز
هەرگیز نەگەشتنایە دەستم !
نازانم چۆن بەحاجی بڵێم چامەیەک
بۆ نالی یەکەی بنێرێت نەمرترە
ئەوە راستە (کەبینین وەک بیستن نییە)
من لە ئەو دڵشکێنترو
لەناسین ترسناکترو
لەنزیکیی درۆزنترم نەدیووە.
ئای چەند دووریت بۆ ئەخوازم
ئازیزترین
دوورتر لەهەورێکی سپیو
هێندەی مەودای
نێوان عەشقو بەختەوەریی
تاپلەی مەحاڵو
دوور هێندەی ئەگەری شکانم
ئەستەم بەچەشنی ئومێدی کۆکردنەوەی
قاوەیەک لەناکاوێکدا
رژایە بەر پێیەکانم.



دل-ئاوەری
ئەسمەرتا دوا پلەی قوڵپی خوێن شیرینیی،
ئیسماعیلو تەیرەکانی
لەئاسمانی وڵاتێکی جودا لەوڵاتی خۆیان
چۆن دەژین؟
ماڵئاوایی فڕینیان چۆن لێناگۆڕێت
بەنیشتنەوەی نەرمی سڵاو؟
ژیانی ناو پووشەکانی هێلانەیان
لێنابێت بەراکشانی
نێو تابووتی مەرگێکی مات ؟

بۆ ناپرسیت کوانێ ئەو (ئیتی)یە جوانەی
غەمبارترین خەمەکانی خۆت بۆ دەنارد
دڵنیابە
ئێستا خەونەکانی پڕن لەدراکۆلاو
ژیانی بووە بەتابلۆ سەیرو سەمەرەکانی
دالی
ئەو وەکو جاران ناتوانێت
هەناسەبێت بۆ جیهانێک
دوور لەعەشق
شەماڵ بێت بۆ بیابانی
دنیایەک لە تەمو سەراب
ئاوپرژێنێکی فێنک بێت

بۆ بورانەوەی شەرمنی
زێدێکی نامیهرەبانو
خەون بێت بۆ گلێنەیەک
ناتوانێت خەون ببینێت.

ئای چەند دووریت بۆ ئەخوازم
میهرەبان
ئێستا باشترت دەبینم
باشترت دەدوێنم
لەبەرئەوەی سەرچاوەی ئازار چاومانە
من ئەیسپێرم بەکوێربوون
هەر شەونمی هەستم بەسە
لەم تەمەنەمدا پێی بژیم.

ئەگەر مرۆڤ لەچاوانی وەڕس نیە
بۆعەینەکی قەترانیی بەکاردەهێنێت
عەدەساتی لاصیقە بۆ
لەسەر بیلبیلەی دائەنێت؟

درۆیە باوەڕم پێبکە درۆیە
شتێ نیە لەسەر زەمین
بەناوی خۆشویستن
ئەوەی هەیە بریتییە
لەحەزو تامەزرۆیمان بۆ هەبوونی
بۆیە ئەو خوێنەی لەدڵی قەڵەم ئەڕژێ
نەمرترو راستگۆترە
لەو فرمێسکەی لەچاوی منوتۆ ئەتکێو
جوانتریشە.

ئای چەند دووریت بۆ ئەخوازم
ئازیزترین
دوورتر لە هەورێکی سپی
هێندەی مەودای
نێوان عەشقو بەختەوەریی
تاپلەی مەحاڵو
دوور هێندەی ئەگەری شکانم
ئەستەم بەچەشنی ئومێدی کۆکردنەوەی
قاوەیەک لەناکاوێکدا
رژایە بەر پێیەکانم

*حاجی قادری کۆیی

ئابی -2002-

## گوڵی سوورو ڕەنگی تریش

(دۆزە دۆزە)

کەمنداڵیم مووروویەکی لێ ون ئەبوو
ئەمووت ( دۆزە
دۆزە، دۆزە، بۆم بدۆزە
هی من نیە هی پیرۆزە ) *
ئێستا لەونبوونی تۆدا
ناتوانم هەمان شت بڵێم
بەڵام جیاوازیی لەنێوان
ئەوسای سەردەمی منداڵیی‌و
ئەمڕۆی تەمەنی گەنجیما
ئەوەیە جاران شێت ئەبووم
خەونێکم لێ دیارنەمایە
کەچی هەنووکە ئەخوازم
ئەوەی لەدەستم دەرچووە
بۆئەبەد نەیدۆزمەوە
خۆم بشارمەوە لە خۆزگەو

ئەگەرێک لەڕێگەمدایە

لەدۆزە دۆزەی جارانما
درۆیەکی سپی هەبوو
نازانم ئەمویست چ هێزو

کەسێکی پێ فریوبدەم
خۆم لەپشت (پیرۆزێکەوە)
حەشارئەداو
چاوەڕوانی پەرجووی جوان بووم

بەڵام ئێستا ونبووەکەم
ئیتر هی (ناپیرۆزێکە)و
منیش لەبیرم چۆتەوە
چۆن لەکاتی ئەو دیووکاتدا
درۆی سپی
یان رەش بکەم.

(عاشقێکی ساویلکە)

وا ئەمرۆش دایکم توێکڵی
پیازەکەی خستە سەرسەریو
پێی وت ئەی پیاز
شووت پێئەکەم مەمگرێنە
ئەڵێی کەچەڵ ئاوی داویت
توونیت توون
چەند دڵم بۆ پیاز ئەسووتێت
لەبەرئەوەی فریو ئەخوات
کە ئەو هەموو شۆڕە ژنە
بەر لەوادەی سەربڕینی
پەیمانی ئەدەنێ بۆ ئەوین
لەبەرئەوەی جاریش نییە
ئەم عاشقە ساویلکەیە
سەری خۆی لەبەردەم چەقۆی
مەعشوقە درۆزنەکانیا
دانەنێتو
ئەوانیش بە ئەوین نەیکوژن.

(ئاڕاستە)

کە لەشاخ بوو

پێڵاوەکانی لەهەرکوێ داکەندایە
رووی ئەکردەوە ناو شار
بەئومێدی ئەوەنەبوو
ئەمە مانای رزگابوونی نیشتمان بێت.
ئێستاش لەشار
پێڵاوەکانی لەهەرکوێیەک دائەنێت
رووئەکاتە هەندەران
بەڵام خەونی ئەوەی نییە
رۆژێک دابێت
بەبێ سەرابی خەیاڵی هەندەران‌و
مانای ئاڕاستەی پێڵاوێکی راکشاو
بەدڵی وڵاتەکەیدا گەشتێ بکاو
میسۆلۆژیا
لەناو سندوقی بۆراقی داپیرەدا
هەڵبگرێت‌و
لەژێر زەمینی ماڵێکی بەختەوەردا
چەندین دەرگای رەنگاوڕەنگی
وەکو دەرگای
ناوحیکایەتی منداڵیی
لەسەرداخات.

(تەنیا تاڵێک )


تاڵێ لە قژم جیابۆوە
من وەک دایکم
ماچم نەکردو نەمخستە
سەرچاوانم

هەمووجارێ
تاڵەکە رائەکێشم‌و
لەناو کتێبێکی کۆندا
دایئەنێم
لەبەرئەوەی نامەوێت کەس
بیرم بکات
پاڵەوانی کتێبە کۆنەکان نەبێت
هەروەها نامەوێت
ئازیزێکی تربیینم
قەڵەم‌و لاپەڕەو دێڕنەبێت !

(باز- هەڵدان)

جاران (باز)ێکیان هەڵدەدا
بەسەر کێوە بنیشتایە
کورسییەکە بۆ ئەو بوو!

ئێستا کەپیاوێکیان هەڵدا
بە مانای ئەوەدێت
قەزاو قەدەر
لەو نزیکانەدا بەسەر
کورسییەکدا ئەکەوێتو
ئیتر هەرگیز
بەرینادا.



(مشتێ خوێ)

هەموو رۆژێ
مشتێ خوێم ئەکردە کەوشی
گومانی ئەو بێ عەقڵەوەی
کە زۆرم خۆشئەویست
بەو ئومێدەی زوو بڕوات!

لەبەرئەوەی
دەمزانی ئەو
میوانێکی هەتابڵێی
ناوەختی عومرمەو
خۆمو شیعرەکانم ئەکوژێت.

(زەوی تەنیا)

نه تەنەسپیەکانی گەردوون
بەیانیت باشی لێئەکەن
نەئەستێرە دەستکردەکان
ماچێکی ئەدەنێ
زەوییەک کە
ئەو هەموو گوڵەباخی هەستەی
تیانێژراوە
دڵی بۆعەتری نیگایەک خەریکە شەق
ئەبات
تەنیایە ئەم تۆپەخاکییە
زۆر تەنیا
کاتێ سەیری پینەکانی جلوبەرگی مانگ
ئەکاتو
ئەزانێت خۆر دزێکی گەورەیە
سووتاوە بەوهەموو تیشکەی بۆخۆیی
بردووەو
وەک کرێچیش
سەیری زەمینو مانگ ئەکات.

(تۆ)

لەنێوان تۆو
وێنەیەکی رەشوسپیی کۆنتدا
سپی بوونی مووی سمێڵو
ماشوبرنج بوونی قژو
زۆر گۆڕانی بێ دڵی تر روویانداوە
کەچی خەندەو سەرنجت هەروەک
خۆیانن
ئەزانی بۆ؟
چونکە دووشت
هەرگیز پیربوونیان بۆنییە
پێکەنینو
سیحری نیگایەکی عاشق.

(گوڵی سوور)

گوڵی سووربووم لەهاتنتا

بەهاری خۆرهەڵات
گوڵی سوور
بەڵام ئەو رەنگە شەیدایەم
لەپایزی ئاوابوونتا داکەندووەو
ناپۆشمەوە
تاوەرزی ئایندەو
تاگەڕانەوەی بەهاری بینینەوەت

ناتوانم ئێوارەیەکی ناوەختی تر
هێندەی رەنگی خوێنی رژاوی عاشقێک
سووربچمەوە .

دڵم نایەت
چی تر گوڵاڵە سوورەکەی
دوێنێو سبەینێو ئەمڕۆ بم

دڵم نایەت
بۆ لەمەودوا خۆشم بووێیت
شەونمی سپێدەی مەحاڵ
هەناسەی خۆرهەڵات
ئومێدی دوور.

ئەیلوولی -2002-

ئەمجارەشیان
گوڵی سوورو رەنگی
تریش

(دوعا ئەکەم)

ئەگەر قنچکە سڵاوەیەک
چاوی راستمی گرتەوە
چاوی چەپم ڕەشناکەم تا
لەداخانا
زامەکەی چاوەکەی ترم
بتەقێت

دوعا ئەکەم
خوا قنچکە سڵاوەیەکیش
بۆچاوی چەپم بنێرێت
بۆ ئەوەی چاوەکەی ترم
خەم داینەگرێت.

(هیچ روونادات)

ئێستا چۆلەکە لەحەوشەی
ماڵەکاندا
بەشەڕدێن
هیچ کەسێ میوانی نایەت

ئارایشتگەری کۆڵانیش
چەندان جار پەتەکەی دەستی
لەگەرمەی هەڵگرتنی مووی
دەم وچاوێکی نازدارا
ئەپچرێتو
کەچی مانای ئەوەنیە
خاوەنی ئەم دەم وچاوە
مێردەکەی زۆر
شەیدایەتی.
پیاویش هەیە
خۆی ئەکات بەهەرماڵێکا

بەسەر خواردنێکی باشدا
ئەکەوێت
کەچی مانای ئەوەنیە
خەسووی گەلێکی خۆشئەوێت
سەیرە ئێستا
چاوی راست ئەفرێتو ئێمە
چاوەڕێی هیچ

هەواڵێکی شیرین ناکەین

چاوی چەپ ئەفڕێتو بوولەرەی
ئازارێ
مەشکەی بوونمان راناژەنێ
خەمێک لەدووری دوورەوە
بەرەو ماڵی دڵمان بەڕێگاوەنیەو
هیچ روونادات.



(لەبەرئەوەی)

لەدایک بوو
ناوکیان بڕی
پاش هەفتەیەک
ئەو بۆرییەی دەمی نابوو
بەناوکییەوە
وەک گەڵای داری پایزان
هەڵوەریی.

سپیدەیەک هەڵیاندایە
باخچەی خوێندنگەیەکەوە
بۆ ئەوەی شەیدای خوێندن بێ
واپێ ئەچێ
ناوکی منیان خستبێتە
ئۆقیانووسی ئارامەوە
بۆیە پانتایی شەیدایم ئەوەندە
بەرینەو
هەرگیز هیچم بەهیچ نابێت.

لەبەرئەوەی هەتا مردن
پەتی ناوکم رۆئەچێتو
ناکەوێتە بنی ئۆقیانووسەکەوە

ئیتر ژیانم بەمجۆرە تێئەپەڕێو
دەستم بەهیچکام
لەخەونو
حەزو
خۆزگەیەکم ناگات.

(لەدووریتا گوڵی سوور نیم)

لەودیوو مەودای
بەرینی تەلەفونەوە
گومانم لێمەکە

هەموو رەنگەکانی ترم
بەتەنیا ئەو رەنگە نەبێ
کە حەزئەکەیت
هەر بۆ چاوی تۆی بپۆشم

ئەمجارەیان پەنجەرەی پرسیارت
گەلێ تەماوییە
گیانەکەم بیسڕە
بەشیعری فروغو نیماو سپهەریی
بەدەنگی ئلیووت و رامبۆ
بەدڵی یەسەنینەوە
گلەیم لێ مەکە
لەدووریتا
وەکو سوبێری بیابان
دڵم دڕک ئاژن بووە
سێوی ئۆقرەم لەتو پەتە
کاتێ ئەمەوێت پێت بڵێم:-
خۆشم ئەوێیت
گەردەلوولێک هەڵئەکات

چاوەکانم پڕئەبن
لەلمو نەبینین.
ئیتر نازانم سەرابیت
یان حەقیقەت
تێناگەم ئەم تایەی لێمهاتووە
چییە

گوڵی سوورنیم لە دووریتا
بەهاری خۆرهەڵات
دڵنیابە...
گوڵی سوور نیم
گومان لە گوڵێتیم مەکە.

(بێ ناونیشان)

دوعا ئەکەم

هیچ ڕوونادات
لەبەرئەوەی لەدووریتا
گوڵی سوورنیم
بێ ناونیشان.

-2002-



## بۆ دوانزە ساڵەی ڕاپەڕین

لەساڵی دوانزەهەمینا
لەوەرزی فڕینو
سەیرانو سارێژبوونەوەی برینا


بۆم هەیە لە کەرکووک بژیم
یان لەهەولێر
یان لەبەغدا
یان خانەقین.
ئیتر هەرگیز
کوردێک لەدەریای ئیجەدا
ناخنکێت

دوای دوانزەساڵ
ئێمە ئەو پۆلە مەلانەین
بەئومێدین
ئیدی بژینو
ئیدی بفڕینو
ئارام بین.

## (دوو....گیان)

ئەو چی دی ناوقەدی
باریک نیە
وەکو دەستە
خوشکەکانی
لەنجەولاری
لەیادچووەو
ناوێرێ سوار
کورسی کورسیو
بەلەمەکەی
سەرچناربێت
وەک سەردەمی
دەزگیرانیی.

ئەو دووگیانە
بۆیە جوانترە لە
هەموو کچەکانی
دەوروبەری
لەوپیاوانەش کە
ئێواران
بەلای خەمیدا
ئەڕۆنو
لەناو ژنانی گەڕەکدا
شێوەی ئەو
عاشقترینە
هەروەها زیندوو
ترینە

دیمەنی سکی
وائەکات
مرۆڤ حەزی لە
خواردنی شووتی بێت
فێریش ببێت
بەدیار چنینی
گۆرەویی‌و
بلوزێکی بچووکەوە
خەون بەگریان‌و
خەندەی
کۆرپەیەکەوە ببینێت.
ئەوچیدی ناوقەدی
وەکو

شمشاڵ نییە
تێپەڕی سەردەمی
تەنوورەو
سترێچ‌و
کابۆی جێنز
بێنازن ئێستا قەڵەمی
لێوو
پاژنەی بەرزو ئاوێنە
بەجێما ویستگەی
لەبەرکردنی
جلی خەو وجلی مەلە

ئەو چی دی لەگەڵ
هەناوی خۆیدا
قسەئەکات
ئاگای لەئێمەو خۆی
نییە

خوایە بەخێری
بگێڕیت
نۆمانگ گەڕان
بەکۆڵانی
ژیان‌و مردنا
خوایە بەخێری
بگێڕیت
ئەم قەدەرەی لەڕێی
ژنە.

## وێوڵە باڵێ

منداڵیم زۆر بەکۆڵانی بەرزو نزمی
ماڵە جوانەکانی تۆدا رابوردووە
دەستولێوی خەیاڵی ئێستاشم ڕەشن
بەوگوێزە تەڕانەی تامیان
تائەمێستاش لەناو دەمما
نەڕۆیشتووە.

من سمۆرەیەکی گچکەی
سەر درەختە بەرزەکانی تەوێڵە بووم
لەڕەزە بۆنخۆشەکانیا
خۆم ئەکرد بە وێوڵە باڵێو
چۆلەکەکانم ئەترسان.

هەنگاوێکی وردم ئەناو
ئەم وت ئێستا لەو دیو سنووری وڵاتم
خێرا بازم ئەدایەوەو ئەم وت ئۆخەی
لەوڵاتم.

ئەم یارییانە چەند خۆشبوون
خوایەگیان
قریوەم ئەگەیشتە ئاسمان
هەنوکەش ئەگەر چاو داخەم
هەست بەتەزینی قاچەکانم ئەکەمو
گوێم لەشڵپو هوڕی دڵی ئاوێسەرە.

هەناسەم سوار ئەبێ
هەر ئەڵێی وەکو منداڵیم
بەسەر شاخێکی عاسیتا هەڵئەزنێم و
بە ناو باخچە بەهەشتیەکانی مێژووتا
ڕائەکەم.



لەتامی شاتوویەکەوە شیعرم
زاری بە شیرینی پڕاو
لە پێوەدانی ناکاوی
زەردەواڵەیەکەوە فێری گومان بووم.

من وەکو هێشووە ترێیەک
لەناو بەرچنەی سەرپشتی ژنێکەوە
چاوی رەشم بۆ تەنیاییەک ئەگێڕا
ئێستا باشترین هاوڕێمە

من وەکو پرچی درێژو پڕی دایکم
لەباوەشا پەپکەم ئەخوارد
وام ئەزانی ئەم دنیایە
پێڵاوێکی پڕبەپێمە !!

منداڵ بووم بەقەد خوڕەیەک
کەتینوویێتی بەکەوچکێ
لەساردیی کاسەدۆیەکی هەڵئەسێنێ
هەروەها بەقەد خەیاڵێ ساویلکە بووم
بۆنی شەرابم لێئەهات
وێوڵە باڵێی ڕەزەکان بووم
لە شەماڵی هەورامان دڵم نەرمتر
بەسەیرانی ئەحمەدئاواو
سیاچەمانەی دڵگەرمی
کوڕێکی بیارە ئەچووم.

من ئێستاش هەر
وێوڵەباڵێی باخی شیعرو
کێڵگەی پاراوی زمانم
ئازاریشم ئێشکگرە

جلەکانم با ئەیانهێنێ‌و
ئەیانبات
دڵم قاقڕ، چاوم تەڕە

من بزانم
وێوڵەباڵێ نیم مەسیحی
لەخاچدراوی قەدەرم
قەت لەو بەرزییە داممەگرە.

*وێوڵەباڵێ/ وشەیەکی هەورامییە
واتە داهۆڵ، بوکی کێڵگە

## سەدساڵە غەریبیت ئەکەم

کەدڵم گوندی حەسارە بۆ مناڵیت
تۆ بەبای شەماڵدا لاویت
سەر هەڵئەگرێ بۆعامودا.

کە ئەمەوێت لەناو پرچی دیاربەکردا
بتگرم
ژووانێکم بۆ رێکدەخەیت
لەقاوەخانەی قەسیدەیەک لە سنە.
ئەوکاتەی کەمن پێم وایە
تۆ کۆتری گمەخۆشی بەرپەنجەرەی
خوێندنگەیەکی رۆح سووکی سلێمانیت
دەتبینم لەپاڵ فوارەی
نێو حەوشەی ماڵو لەتەنیشت گۆڕەکەتدا
تەزبیحی تەنیایی کوردان ئەهۆنیەوە لە
قامشلیو
پەیتاپەیتا
سڵاوی کوڕانوکچانی زانکۆی بەغدات
پێئەگا.

کەهاتم سپێدەیەکیان
چەپکێ گوڵم لەپارکی ئازادییەوە بۆ
هێنابووی
هەروەها بۆنی کچانی چاوکەژاڵ
بەژوورەکەتا گەڕامو

دەستم لەقاپ‌وکەوچک‌و جلە
خۆڵاوییەکانت دا
هێندەم بیردەکردی بەرامبەر جامێکی
ئاو خواردنەوەت
دەستم کرد بەگریان.

سەد ساڵە هەلی بینینتم لەدەستچووە
زەمەنێکە بەشەقامی خەیاڵێکی
سویدا دانەگەڕاوی‌و
سرودێکت نەنووسیووە
ژوورەکەت هەنگاوێ دوورە لەخۆتەوەو
تۆی نەدیووە !

سەدساڵە غەریبیت ئەکەم‌و
سەد ساڵە
کەبیرئەکەمەوە پەستییەک دامئەگرێت
گومانێک هەر وەکو ئالا هەڵمئەکات

وشەی تۆ نەتیرۆریستەو
نەحەشیشە
بۆیە لەنیوەشەوێکدا
قەسیدەی خەمێکت هەرگیز
ئام دیوو نەکرا*


کەتۆ لێرەبوویت من هێشتا
هەبوونم نەدیبوو
کەمن لەسەر گۆڕەکەتبووم
هێندە مردبووی ژیانت
بەتەواوی لەبیرچووبوو.
کەچی ئەڵێی
سەد ساڵە غەریبیت ئەکەم‌و
سەدساڵە
بزربوویت.

-2003-

*پێچەوانەی ئاودیووە بەمانای هێنانە
ناوەوە دێت.

## نازانم بەبێ تۆ بژیم

خووم پێوەگرتووی ناتوانم
لەشوێنی خۆم دابنیشم
لەجیاتی تۆ
سەر ئەکەمە چاککردنی برۆکانم
دەسئەدەمە لەسەریەک خواردنەوەی قاوە
خواردنی نەستەلە
بەپاکەت جگەرەکێشان.



خوو ئەدەمە لێوکرۆشتن
بۆیەکردنی نینۆکی دەستوقاچم
سەر ئەکەمە حەشیشەو تۆسیرام.
بەنێو بازاڕا ئەگەڕێمو شت ئەکڕم
بەدەیان شتی نوێ
شەقام نامێنێ بەپیادە پیایدا نەڕۆم
نە ڕۆژەکەم لێ ئەڕواتو
نەدڵیشم تەسکینیی دێ.

خوو ئەدەمە تووڕەبوون، جنێودان
ڕۆژی دەجار
لەحەوشەی غوربەتەوە ڕائەکەم بۆ
سەربانو
خەیاڵئەدەمە ترپەی پێی مۆبایلێک

خووئەدەمە ئیمەیلوچات
خۆم ئەبەستمەوە بەرامبەر سەتەلایەت
ڕائەکەم لەسەرنجی گوڵێک.

لەڕیزی سەموون کڕینا ڕائەوەستم
سەرئەکەمە داڵغەلێدان

خووئەدەمە بڕینی کارت
دڕاندنی وێنەو کاغەز
وتنەوەی وشەی (من)
من...من
سەرئەکەمە راکێشانی لەچکی ژنان!

من نازانم بێ تۆ بژیم
خووئەدەمە هەڵکەندنی زیبکەی مەرگ
ئەکەومە ناو بیری ژیان
دڵئەدەمە شەماڵی گۆرانیی

ئەبێ لەبری خۆشویستنت
خویەکی تر بدۆزمەوە....سلێمانی!
ئەی رستێ مرواریی رژاوی
ناو لەپی نیوەی شەو
بەرامبەر دڵانی داگەڕاو
بەجادەی ئەزمڕتا
تۆ موچڕکی فێنکی ئەو عەشقەی
کەس نەیدیووە
مەگەر ئەوەی کە عاشقتە.

-2003-

پەتی کۆلارەیەک
پچڕا
سیمرخێ لەمەودای
فڕین دوورکەوتەوە
منالێ بنێشت
ئەجووێتو
ئاوێ بەسادەیی
ئەڕوا.

ئای چەند موحتاجی
تەنیایم
هێندەی ئەوساتانەی
کە دێمە دنیاوەو
لێی دەرئەچم
ئەوەی ئەیکەم
دەشێ نەکرابێو
نەشکرێت
بەردەکانی
گەردوونی بەرد
سێبەسێ، تەڵاقتان
کەوتبێ

پیاوانی تەڵاق
بەدەستی
دوێنێو ئەمڕۆو
سبەینێو
سبەینێی سبەینێش
سەد بەسەد، هەزار
بەهەزار
تەڵاقتان کەوتبێ!

ڕێکەوت بوو یان
چارەنووس ؟!
نازانم......
لەیەکێکیاندا، دیرۆکم
تەڵاقدا
بەهەر هەموو
شاسوارو
کۆیلەکانیەوە
بەدیوەخانو زبڵخانە
بەهەموو پادشاو
سۆزانیەکانو
پاڵەوانە درۆزنو
ترسنۆکە

راستگۆکان‌و
هەموو وشەو پیت‌و
خاڵ‌و
فاریزەی کتێبە
سوورە
نادادپەروەرەکانیەوە.


میللەتم تەڵاقدا
بەتەواوی (ئاناباز) و
سەرجەم
گلانەکانیەوە
خوام تەڵاقدا
بەتەواوی ڕەحم‌و بێ
رەحمیی خۆیەوە
لەجوانیی
لەناشیرینیی
لەگوڵ، لەمار
لەخۆم‌و خۆم
جیابوومەوە!

من گریان‌و پێکەنینم


لەیەک چرکەدا
تەڵاقداو
پەیوەندی نەما
لەنێوان
پەنجەم‌و
قەڵەمەکەمدا
قەڵەمەکەم‌و
کاغەزدا.

ئێستا پەنجەکانم
خاڵین
لەئەڵقەی ژیان‌و
مردن
هیچ شتێ
نامبەستێتەوە
بەبوون یان
بەنەبوونەوە
پردێ نەما
بمگەیەنێت
بەعاشق بوون یان
بەعاشق نەبوونەوە

دەپرسم پەیوەندیی
چییە ؟



ئەوەی کە (فروغ)
پێی ئەڵێ
(کۆڵانەکانی تاریکن)
؟
دیارە ئەوەیە
کەدەبێ هەمیشە تۆ
لەناوئەودا لایەنێ
بیت



چەند گەمە یەکی
پڕفێڵو بێمانایە
ئیدی تەواو من
چێژی لێ وەرناگرم
نا بەقاشی پێناکەم.
گەرچی بەڕەحمترین
درۆ
پەیوەندییە،
پەیوەندیی.

سەفەرم تەڵاقداو
ناشهێڵم ببێت بەمانا
بۆ جورئەتو
ئازایەتی
یان بۆ
نیشتمانپەروەریم
هاتم سەفەرم
تەڵاقدا
لەبەرئەوەی گۆڕ
هەر گۆڕەو
لەهەر شوێنێکدا
بنێژرێم وەکو یەکە.

من نازانم
چیم داوە لەعەشقی
بارانێ
بەمەرگم
ئەینووسمەوەو
ئەو بەدڵۆپێ
سەبووریم ناداتەوە

چیم داوە لەجەنگێ
لەپێناوی ژن دا
کە ئەو بۆخۆی
جەنگی ناوێ
لەیاخی بوون
ئەوکاتەی چیا

سەختەکان
پێکەنینیان بە عەقڵم
دێ ؟!

کوا وجوودی
جیاوازی هەیە
لەنێوان
ڕووناکبیرو
تاریکبیردا
کوا وجوودی لەیەک
چوون هەیە لەنێوان
ئاسمانە زەمینیەکانو
زەمینە ئاسمانیەکاندا
؟!

چیم داوە لە
گەشبینیەک
کەخەسڵەتی
گەمژەکانە
لە کوردستانێ کە
بەزۆر کوردستانە ؟!

ئەم قەوزانە بۆ
لەدڵم نابنەوە
من بەچەند بزمار
بەخاکدا داکوتراوم ؟
گیانی بێ گیان

زۆر دڵنیام لەسێ
بزمار زیاترن.
پۆلێ پەپوولە
کوشتیانم
پۆلێ زاجل
زیندوویانکردمەوە
بەوشەم وت:-
بووم بەبێژنگ
هێرشت ڕاگرە
ئاینده وتی لێی
گەڕێ
بەو زامداربەو پاشان
بەمن چاکبەرەوە
ئەم مردنو
ژیانەوەیەش یارییە
سەد خۆزگە
ئەمتوانی نەیکەم.

دواین جار

جیهانم تەڵاقدا
بەڵام لە شوێنی
خۆمەوە
من خۆمم تەڵاقداو
لێبوومەوە !

بەگوڵم وت

ئیدی ئەمە
بەختیاریمەو
تەڵاقی تەڵاق
لەدەستی کەسدانیە
کەچی بۆخەم
تەڵاقەکەم
کەوتە دەستی
قەدەرەوەو
بەرێگای پۆستا
بۆیناردم.

-1993-

## بە
## تەنوورەیەکی
## کورتی
## سوورەوە

مۆدێلێک

ئەهێنمەوە
کۆنبووە
لەسەردەمی دایکمو
دایکتدابووە،
مۆدێلی جوانی
تەنوورە کورتەکان
لەو وێنە رەشو
سپیانە دەرئەهێنم
کە لە ئەلبومی
خەیاڵی
هەموو ماڵەکانا
هەیە.

نازانم بۆ
(ئێستا) شەرم
لە (رابردوو)ی
خۆی ئەکات
دنیا درۆزنتربووە !

شیعرم بەشەونم
خۆی ئەشوا
ئینجا
بەتەنوورەیەکی
کورتی سوورەوە
ئەگەڕێ
باویقاری جلی
سەردەم
کەمێ تەریق
ببێتەوە.

شیعرم قۆڵی
دەرئەخاتو
قاچ رووت ئەکاو
لاسایی نێرگزو
گوڵاڵەو گوڵەباخ
ئەکاتەوە.
بەتەنوورەیەکی
زۆر کورتی
سوورەوە
تۆ شەرم
لەناسینەوەی
خۆمو شیعرو دڵم
ئەکەیت
من پێکی نەمریی وا
بەدەستمەوە
هێندە مەستم
نەمردنت لەپێناوما

لەتاریکیدا ئەبینمو
نەرەتکردنەوەی
ناسینیشم لەبەردەم
رووناکیدا....

پێت سەیرە
بەگوناهێکی
گەورەی وەکو
نووسینەوەو
بەتەنوورەیەکی
کورتی:
جارێک سوورو
جارێکیش گوڵ
گوڵینەوە
دڵم لاسایی
فریشتەو
دۆغدۆڤەکان*
ئەکاتەوە



باوەڕناکەیت، چەند
لەژیانی خۆم رازیم
وەختە بڵێم
شیعرم لاسایی ژیانم
ئەکاتەوە !

باوەڕناکەیت چەند
دۆستی ژیانم
مەرگ وەختە
بۆ ماچێکم سوێی
بێتەوە.

ئەو چاوانەی
بیلبیلەیان شڵەژاوە
پێت ئەڵێن لەکوێوە
بەرەو کوێوە چووم
ئەو ئاخو ئۆفانەی
لەو کۆڵانو
شەقامانە
بەدوامدا رژاون
پێیان وایە
تازە شێت بووم !

بەتەنوورەیەکی
سووری کورتەوە
هاوار ئەکەم:
بەهار هات
پەنجەرە

زووبکەنەوە
لەبەر ئەوەی زوو
ئەڕوات
زارم لاسایی
هەنگوینو شەکرو
شیلە ئەکاتەوە

کەچی بەژەهری
دڵڕەقیی زەمانە
ئەمرمو
لەوێنەی زستانێکی
سەر
رۆژژمێری
ژوورەکەمدا
رۆژێکیان رەق
ئەبمەوە
تەواو ئەبمو
ئیتر بەهارێکی زۆر
هار
بەتەنوورەیەکی
کورتی سوورەوە
دێت لاسایم
ئەکاتەوە

-2004-

*دۆغدۆڤە/ دایکی
زەردەشت
پێغەمبەرە.